KURDISTAN NET
کوردستان نێت
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
6-10-2007 2:06بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**بەڕێوبەرایەتی باری شارستانی و ڕەگەز نامەلەسلێمانی خەڵکییان هەمووی توشی فتق کرد ... ئەحمەد کانێسکانی**

بەرێزان چی بێت لەئێوەشاراوەبێت؟ماوەی چەند ڕۆژێک لەمەو بەر لەبەڕێوبەرایەتی ڕەگەزنامەی سلێمانی بەدەردێک چووم کەس بەحاڵم نەبێت کەئەوە نموونەی بەڕێوبەرایەتییەکانی ترەو مشتێکە لەخەرواریک و باوەڕناکەم ئەو خەڵکەی تر لەمن باشتر بووبن.. ئیللا ئەو کەسانە نەبێت کەلەهیچ شوێنێک سەرەناگرن و ڕاناوەستن تا ئاوی پێیان دابێت، ئەوانەی کەبەخشکەیی بۆی ئەکشێن و ئەوراقەکانیان لەلاوە تەسلیم ئەکەن و بێ شەرمانەش بەبەرچاوی ئەو خەڵکەوەوەری ئەگرنەوە!

ئەوەندەئەم ژوورو ئەو ژووریان پێ کردم، ئەوەندەعەزێتی دڵیان دام و سوکایەتییان پێ کردم بەتەعامولی تورەیی و ناردنی هەڵەم بۆ ئەم ژوور و ئەو ژوور وام لێ هات نەک لەو ناسنامەیەش ڕقم هەستێ کەئەمدەنێ، بەڵکو لەخۆشم و لەهەموو خەڵکی ئەو دەڤەرەبێزار بووم.

بەڕاستی ئەو سیستەمە هەڵەیەی کەلەوێ ڕەچاو ئەکرێت هەر هەمان سیستەمی سەردەمی بەعسە، بەجلێ عەسکەرییەوە دووان دانیشتوون بۆ هەر ناوچەیەک بۆ ڕایی کردنی ئەو خەڵکە زۆرەی کەهەردەم جمەیان دێت و ئەو کارمەندە سەربازییانەش بەبای شان هەر نیو سەعات جارێک نەفەرێک بەڕێ ئەکەن، بەڕێوبەرایەتی واش هەیەدوو سێ ژووری پڕە لەکارمەندی بێ ئیش و تەنانەت دەرگاکەشیان داخستووەو خەریکی قسەو باس و چێشت لێ نانن..

لەمەش سەیر تر ئەوەیەئەو کارمەندانەی ئەم بەڕێوبەرایەتییە دوای چوار سەعات لەدەوام، سەعاتێ ئیسراحەت ئەکەن و بابڵێین بەناوی نان خواردنەوەکات لەهاوڵاتییان ئەکوژن و سەعاتێکیش دوای ئەوە ئەچنەماڵەوەو تەنیا پێنج ڕۆژ دەوام ئەکەن کەهەمووی لەهەفتەیەکدا دەکاتەبیست سەعات.. ئەی ئافەرین سێبەرەکانی بەریوبەرە فاشیلەکان و نا ئیدارییەکان کەلای ئەوان پلەو پایە بریتیە لە کەشخەیی و فشەکردنە لەبری بەر پرسیارییەتی و نەخشەدانانی سەرکەوتوو و بەرەو پێش چوون و گوێ گرتن لەناڕەزایی و سکاڵای هاوڵاتییان..

لەبری پێنج ڕۆژ دەبوو حەوت ڕۆژ دەوام بکرایە چونکە وڵاتی ئێمە کاولەو پێویستی بەدڵسۆزی و لێ بڕانە، ئاوها ئێمەپێشدەکەوین و دەگەینەئاستی وڵاتەپێشکەوتووەکانی دنیا، نەک بەقسەو خۆ زل کردن!

نەک تەنیا من بەڵکو ڕق و بێزاری بەئاسانی لەنێو جاوانی ئەو خەڵکەوەدەخوێندرایەوە، بەڵام ئایا کەی لەوێ گوێ بەهەست و سەروەری تاکی کورد ئەدرێت و زەلیلی پێ ناکرێت، تەنانەت گوێ بەڕەخنەش نادرێت و ئەڵێی نەبایان دیوەو نەبۆران..

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.